# پشتیوانی جەنگی ئەمریکا، بە ڕژێمی فاشیستی بەعس پاساو نادرێت!

سامان ئەحمەد

کەسێك لە ژێر ناوی (دارا گەرمیانی) وەڵامێکی 5 لاپەڕەیی بە ئاگادارکردنەوەکەی (ڕێبوار ئەحمەد) بۆ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان داوەتەوەولە کوردستان نێت دا بڵاوکراوەتەوە. سێ لاپەڕەی یەکەمی پاساوکردنوبەرگری کردنە لە جەنگی ئەمریکاوهاوکارانی لە کوردستان، دوو لاپەڕەی تریشی هێرش دەکاتە سەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. هەڵبەتە ئەوە هیچ بایەخی نییە کە قەڵەمێکی شکاو لە مەلەڤ ڕەشی جەنگی ئەمریکادا خۆی ناونووس بکات. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەو پاساووپاکانە کردنەیە کە بۆ جەنگی ئەمریکاو هاوکاریکردنی (یەکێتیوپارتی) دەیکات " کە سیاسەتوستراتیژی ئەسڵی ئەم دەورەیەی یەکێتیوپارتییە ". هەربۆیە وەکو کۆمۆنیستێك بە پێویستم زانی وەڵامێك بەم نووسینە بدەمەوە.

## هەڵوێستی دژی شەڕ

بەهەمان سوونەتوڕەوشتی ( یەکێتیوپارتی) بۆ شاردنەوەی ڕاستییەکان لە خەڵك، ئەم نووسەرە ئاگادارکردنەوەکەی (ڕێبوار ئەحمەد) و هەڵوێستی (ح. ك. ك.) لە دژی جەنگی بە حوکمێکی تیئۆریوئایدۆلۆژیوناشارەزا لە قەڵەم دەدات. وەکو ئەوەی ئەم نووسەرە لە ئەشکەوت دا بژیوئاگای لە دنیا نەبێتوڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە بزووتنەوەوناڕەزایەتی ملیۆنی لە سەراسەری دنیادا نەبینێتونەبیستێت! تەنها ئەو ئاگادارکردنەوەیەی ( ڕێبوار ئەحمەد) نەبێت، ئەویش لە ناشارەزاییوئایدیۆلۆژیگەری خۆیەوە هەڵوێستی دژی جەنگی ئەمریکای ڕاگەیاندووە! بەڵام بە پێچەوانەوە هەڵوێستی دژی جەنگی ئەمریکا هیچ پەیوەندییەکی بە تیئۆروئایدیۆلۆژییەوە نییە. هەر کەس زەڕڕەیەك ئیحساسی ئینسانیومەسئولیەتی تێدا بێت دژی ئەم جەنگەیە، ئەمە هەڵوێستی هەر ئینسانێکی شەریفوئازادیخوازی دنیایەوزەمینەی کۆمەڵایەتی ناڕەزایەتی ملیۆنی ئەمڕۆی خەڵکە لە سەراسەری دنیادا کە بە دەنگی " نا بۆ جەنگی ئەمریکا. . " هاتۆتە مەیدان. (ڕێبوار ئەحمەد) یش وەکو ڕابەرێکی کۆمۆنیستی ئەم بزووتنەوەیەوبەرپرسی حزبێك کە لە عێراقوکوردستاندایە (یەکێتیوپارتی) لە خەتەری هاوکاریکردنی جەنگی ئەمریکا ئاگادارکردۆتەوە بەوەی کە کوردستان نەکەنە مەیدانی ئەم جەنگە دژی ئینسانییە.

## ڕیوایەتێکی چەوتی مێژوویی

نووسەر (هەروەکو یەکێتیوپارتی) ڕژێمی فاشیستی بەعسی کردۆتە بەهانەوبیانو بۆ بەرگری لە جەنگی ئەمریکاودەڵێت " ئەم ڕژێمە فاشیستانە بە جەنگ دەڕوخێن". لەم بارەیەوە ڕیوایەتێکی مێژوویی لەسەر ڕژێمە فاشیستەکان باس دەکاتو لە کۆتاییدا دەپرسێت " کام ڕژێمی فاشی لە جەنگدا نەڕووخاون؟"

بەدەر لەوەی ئەم لێکدانەوەیە سەبارەت بە تەمەن درێژیوڕووخاندنی ڕژێمە فاشیستەکان بە تەواوی نادروستە {بە جەنگی جیهانی یەکەم ڕوسیا نەڕوخاولینین ئاڵای دژی جەنگوڕووخاندنی دەسەڵاتی ڕووسیای بەرزکردەوەو بە هاتنە مەیدانی خەڵك ڕووخا. پینۆشیەی شیللیوچاوشیسکۆی ڕۆمانیاوڕژێمی ئاپارتایدی باشوری ئەفریقاو. . . . بەهەمان شێوە} ئەمانە وزۆری تریش بەسە بۆ کەسێك کە بە کردەوە دژی ڕژێمی فاشیست بێت ئەو ڕاستییە فێر ببێت کە ڕژێمە فاشیستودڕندەکان لەبەرامبەر ئیرادەوهاتنە مەیدانی خەڵکدا (شێرە بەفرینەن) وزوو دەتوێنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا قسە لەسەر ئەوە نییە کام ڕژێمی فاشیستودیکتاتۆر بە جەنگ ڕووخاون یان نا، بەڵکو قسە لەسەر جەنگی ئەمریکایەوهەڵوێستوکردارە لەبەرامبەر ئەم جەنگەدا.

پەرۆشی ئەم نووسەرە بۆ جەنگی ئەمریکا بە ئاستێکە دەستی داوەتە چەواشەکردنێکی بێ ئینسافی مێژوویی سەبارەت بە جەنگی جیهانی دووەم کە ئەم جەنگە خوێناویوکاولکارە بە جەنگی بەرەی مرۆڤایەتیو ئازادیخوازیوبەرەی فاشیزم لەقەڵەم دەدات تەنها بۆ ئەوەی پاساوی ڕوخاندنی ڕژێمە فاشیستەکانی پێ دابتاشێت. جەنگی جیهانی دووەم جەنگی

بلۆكە ئیمپریالیستەكانی (بەریتانیا، فەرەنسا، سۆڤیەت، ئەمریكا. . .) لە لایەكەوەو ( ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، یابان. .) لە لایەكی ترەوە بوو. ئەم جەنگە دژی ئینسانییە لە پێناوی داگیركردنەوەی جیهان‌وسەر لە نوێ دابەش كردنەوەی جیهان بوو كە دەیان ملیۆن ئینسان بوونە سووتەمەنییەكەی. ئەو كاتەش هەریەك لەو دەوڵەتە ئیمپریالیستانە بە بیانوی جۆراوجۆر پاساوی ئەو جەنگەیان دەداوتەپڵیان بۆ دەكوتا، ئەمە چ شەرمەزاریەكی گەورەیە كە بۆمبابارانی هیرۆشیماوناكازاكی‌ودەیان كارەسات‌وتراژیدیای تری ئەو جەنگە بە ململانێی هەستی مرۆڤایەتی‌وئازادیخوازی لەبەرامبەر ڕژێمە فاشیستەكان لە قەڵەم بدەیت!

پاشان دەڵێت: " ناكرێ بە ڕژێمی عێراق بڵێی فاشیستەوهاوكات ئەمریكاویەكێتی‌وپارتی تاوانبار بكەیت". تۆ بڵێیت ئەم نووسەرە تا كاتی ئاگاداركردنەوەكەی (ڕێبوار ئەحمەد) ئاگاداری هەڵوێستی ح. ك. ك. ع لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسدا نەبووبێت‌وئاگاداری هەڵوێست ئەم حزبە نەبووبێت لە بەرامبەر سیاسەتی سات‌وسەودای بەردەوامی یەكێتی‌وپارتی لەگەڵ ئەم ڕژێمە فاشیستەدا؟

بێگومان نەخێر، ئەم خۆ گێل كردنەی نووسەر بۆ مەبەستێكی دیاریكراوە، ئەویش چەواشەكارییە. هەروەكو چۆن دەیەوێت چەواشەكاری لە مێژوودا بكات هاوكات دەیەوێت چەواشەكاری لە ئەمڕۆشدا بكات بەوەی كە جەنگی ئەمریكا دژی فاشیزمەوئەو فاشیزمەی بە هیچ نەبێت ناڕوخێت بە جەنگی گەورە نەبێت. ئەوتا دەڵێت: " ڕژێمی بەعس هەرمایەوە چ لە شەڕی كوردستان لە ئەیلولەوە تا ئەنفالەكان. . جەنگی ئێران. . جەنگی كوەیت. . ڕاپەڕینی1991. . " و ". . یەكێتی‌وپارتی بێ ئەمریكا خۆیان تاقی كردەوە. . هەموو لایەك خۆی لە مەحەك دا. . بەڵام ڕژێم هەرمایەوە. . . ". لە ڕاستیدا ئەمە ئەو پاساوە مێژووییەی (یەكێتی‌وپارتی‌یە) كە هەمیشە بۆ پاشكۆیەتی‌وهاوكاری كردنی دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی ناوچەكە دەیڵێنەوە، پاشان ئەم دوو حزبە دەچنە شاخەكان‌ودوواتریش دەگەڕێنەوە بەغداد بۆ ئەوەی لەو دەسەڵات‌وحكومەتە فاشیستەدا شەریك بن. لەم ململانێ كۆنەپەرستانەیەدا دەیان‌وسەدان هەزاركەس بوونەتە قوربانی. ئیتر شۆڕشی كوردستان (بە قەولی نووسەر) چۆن ڕژێمی فاشیست بڕوخێنێت؟

لە جەنگی كۆنەپەرستانەی ئێراندا (كە جەنگی ناسیۆنالیزمی عەرەب بە پشتیوانی ئەمریكا–پانئیسلامیزمی جمهوری ئیسلامی ئێران بوو) ، لەسەرەتادا یەكێتی لە سەنگەری ڕژێمی فاشیستی بەعسدا شەڕی پاسداری كرد بەڵام كە لە 1984 هیچی لە ڕژێم دەست نەكەوت سەنگەری گواستەوەوپێش پاسداران كەوتن‌وهاتنە هەڵەبجەوكارەساتی كیمیایی بارانی هەڵەبجەی لێ كەوتەوە. پارتیش هەر لە سەرەتاوە لە سەنگەری ئێران بوو. هەروەها لە كاتی جەنگی كوەیت دا كە خەڵكی ناڕازی لە خاوبوونەوەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس سوودیان وەرگرت‌وڕاپەڕین‌وزۆربەی شارەكانیان لە ڕژێمی فاشی پاك كردەوە، ئەمریكای (دۆستی كورد‌وخەڵكی عێراق) ڕژێمیان لە لێواری مەرگ ڕزگار كرد‌وبەریان دایەوە گیانی خەڵك. هاوكات ئەمریكا گەمارۆی ئابووری بەسەر خەڵكی عێراقدا سەپاند‌وقورسترین تراژیدیاومەئساتی بۆ خەڵك خووڵقاند‌وئیرادەی شۆڕشگێڕانەی خەڵكی عێراقی ئەوەندەی تر تێك شكاند. هەر لەو كاتەدا (تاڵەبانی‌وبارزانی) پێش خەڵك هەڵهاتن‌وهەرزووش خۆیان گەیاندەوە بەغداد. هەتا ناوەڕاستی 2002 بە ئاشكراونهێنی خەریكی سات‌وسەوداكردن‌وسازان بوون لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا.

ئەم ڕووداوانە خەسڵەت‌وناوەڕۆكی ئەم دوو حزبە دەسەلمێنن كە ئیمتیازی ماددی‌وسیاسی حزبەكانیان بە قیمەتی ژیان‌وچارەنووسی خەڵكی كوردستان سەرچاوەی سیاسەت‌وهەڵوێست‌وكرداریانە. هەروەها هۆكاری ئەسڵی تەمەن درێژی‌ومانەوەی ڕژێمی فاشی بەعس هاوكاری ئەمریكاوسیاسەتی سات‌وسەودای (یەكێتی‌وپارتی) بووە لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا. دەنا چەندین ساڵە لەسەر بوركانێك ناڕەزایەتی خەڵك تەمەن بەسەر دەبات.

ئەوەش كە ئەمڕۆ ئەمریكا زاڵكردنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ناوچەكە‌وجیهاندا پێویستی بە جەنگ هەیەو عێراقی بۆ ئەم مەبەستە دەست نیشان كردووە‌ودەیەوێت بۆ ئەم سیاسەتی شەڕەنگێزی‌یە لە ناڕەزایەتی خەڵكی عێراق لە دژی ڕژێم كەڵك وەربگرێت‌و یەكێتی‌وپارتیش بۆ سپی كردنی ڕووی خۆیان لە پەنا ئەم جەنگەدا دەهۆڵی (ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی) لێ دەدەن، ئەمە جەریمەیەكی گەورەیە كە بەرامبەر خەڵكی عێراق‌وكوردستان دەكرێت.

## ڕووخانی ڕژێمی فاشیستی بەعس

". . . ئەم جەنگە دژی ڕژێمێکی فاشییە. . ئەم ڕژێمە چی ماوە بەسەر کوردا بیهێنێت، ئیتر بۆچی زەرەریەتی لە جەنگێکدا کە ئەم ڕژێمە فاشیستە لەناوبچێت. . " ئەمە تەنها بیانوویەکە کە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی جەنگی ئەمریکا خەڵکی پێ چەواشە دەکەن.

ڕووخاندنی ڕژێمی فاشی بە قیمەتی جەنگێکی خوێناوی‌وکاولکەر کە ژیان‌وچارەنووسی چەند ملیۆن ئینسانی لەبەردەم مەترسی فیزیکی دا ڕاگرتووە؟ بە قیمەتی نابووت کردنی کۆمەڵگای عێراق‌وکاولکردنی؟ بە قیمەتی تاقی کردنەوەی چەکی کۆکوژوئەتۆمی‌وکیمیایی لە خەڵکدا؟ بە قیمەتی لە جیاتی دانانی دیکتاتۆرێکی تری ئەڵقە لە گوێی ئەمریکا‌ومانەوەی هەژاری‌وبرسێتی‌وبێکاری‌وبێ‌ماف‌ومەینەتی‌یەکانی خەڵك لە جێی خۆیدا؟ بە قیمەتی زاڵکردنی فەزای شەڕ‌ونائارامی لە ناوچەکەداوزەمینە خۆش کردن بۆ پەرەسەندنی تیرۆریزمی ئیسلامی‌وکۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا؟ بە قیمەتی. . . . . هتد. ئەمە خواست‌وڕێگای خەڵکی عێراق نی‌یە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم. خەڵکی عێراق خوازیاری ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی عێراقن بۆ ئەوەی لە چەوسانەوەوبێ‌ماف ڕزگاریان بێت‌وکۆمەڵگایەکی ئازادوبەختەوەریان هەبێت کە هیچ قەوم‌وقەبیلەومەزهەبێك دەسەڵاتدار نەبێت تا تراژیدیا ومەئساتەکانی ڕابردوو دووبارە بکەنەوە. نەك خۆیان ببنە سووتەمەنی جەنگ‌وکۆمەڵگاکەیان نابووت ببێت‌ولەجیاتی ڕژێمی بەعس دەسەڵاتێکی تری دیکتاتۆروکۆنەپەرستی حوکمی قەوم‌وقەبیلەومەزهەبەکان جێی بگرێتەوە. ئۆپۆزسیۆنی بۆرژوازی عێراق (بەیەکێتی‌وپارتیشەوە) لە پێناو دەستکەوتی مادی‌وسیاسی بۆ حزبەکانیان لە هەوڵی ئەوەدان لەم جەریمە گەورەیەدا بە بیانوی (ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستەوە) بەشداری بکەن‌وکوردستان بکەنە جەنگی ئەمریکا؟ ئەیانەوێت کەسیش ناڕازی نەبێت‌وئاگاداریان نەکاتەوەولێیان نەپرسێتەوە کە بۆچی ئەم قومارە سیاسی‌یە گەورەیە بە ژیان‌وچارەنووسی خەڵکی کوردستانەوە دەکەن.

ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس خواست‌وبڕیاری سەرجەم خەڵکی ناڕازی عێراقە، ئەگەر خەڵکی عێراق بۆ ئەم کارە ئامادەبکرێت، ئەوا کاری تەنها ڕۆژێکە. هەرحزبێك خوازیاری ئەم ئاڵوگۆڕە بێت دەبێت هێزی خەڵك بۆ ئەم کارە ڕێکخراووئامادە بکات، نەك خەڵك‌وکۆمەڵگا بکاتە سووتەمەنی جەنگ‌ولەم ڕێگایەوە بچێتە سەر کورسی دەسەڵات. هەربۆیە "ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیست" بیانوویەکی پووچە بۆ پشتیوانی‌وهاوکاری جەنگی ئەمریکا، هەرئێستا فەزای جەنگی ئەمریکا خاوببێتەوەوجەنگ ڕوونەدات، ئیتر مەقولەی (فاشیست) لە قاموسی ئەواندا نامێنێت‌وڕێگاکانیان دەچنەوە سەر بەغداد، ئنجا پاساوی سیاسەتی سات‌وسەوداکردنی خۆیان لەگەڵ ڕژێمی فاشیستی عێراق دا دێتەوە ئاراوە.

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی

لە ناو جڕوجەنجاڵی ئەم سیناریۆ ڕەشەی جەنگی ئەمریکادا کە بۆ خەڵکی عێراق‌وناوچەکەی خوڵقاندووە (حککع) لە مەیداندایەولە خواست‌وبەرژەوەندی خەڵکەوە ئاڵای دژی جەنگی ئەمریکاو ڕووخاندنی ڕژێمی فاشیستی بەعس بە هێزوئیرادەی خەڵك بەرزکردۆتەوە، ئەم حزبە وەکو ڕابەری بزووتنەوەی دژی جەنگ لەسەراسەری دنیادا خەبات دەکات‌ودەرکەوتووە. هەربۆیە نووسەر سەرەڕای چەواشەکردن‌وپاساوەکانی بۆ جەنگ‌وسیاسەتی (یەکێتی‌وپارتی) لەم دەورەیەدا هەروەها هێرش دەکاتە سەر حککع بەو مەبەستەی ئەم حزبە بچوك نیشان بدات‌ولە قورسایی سیاسی‌وکۆمەڵایەتی ئەم حزبە کەم بکاتەوەوسەرئەنجام قورسایی سیاسی‌ومێژوویی (ئاگادارکردنەوەکی ڕێبوار ئەحمەد) لەسەر شانی یەکێتی‌وپارتی لابەرێت. ئەمە هەوڵێکی بێ‌هودەیە لەگەڵ حزبی ئێمەدا. سیاسەتی ئەم حزبە لەبەرامبەر جەنگی ئەمریکادا لەگەڵ خواست‌وئارەزووی ملیۆنەها ئینسان لەسەراسەری دنیا وعێراق‌وکوردستان ئاوێتەیەوپشتی بەم هێزە بەرینە کۆمەڵایەتی‌یە بەستووە. لە گەرمەی ئەم خەباتە لە دژی جەنگی ئەمریکادا ئاگادارکردنەوەکەی ڕێبوار ئەحمەد یەکێتی‌وپارتی لەبەردەم مەسئولیەتێکی مێژووییدا ڕاگرتووە، مەسئولیەتی ژیان‌وچارەنووسی چوار ملیۆن ئینسان لە کوردستان. ئەگەر ئەم دوو حزبە لەم سیاسەتە چەوت‌وقوماربازی‌یە بە ژیانی

خەڵکی کوردستانەوە دەست هەڵنەگرن، سبەینێ لە بەرامبەر خەڵکی تووڕەو لە مەیداندا، چی دەڵێن؟ چی دەکەن؟ چونکە ئێستا دەتوانن کوردستان نەکەنە مۆڵگەومەیدانی سوپاوجەنگی ئەمریکا بەڵام سبەینێ ناتوانن لەبەرامبەر خەڵکدا بەرگری لە خۆیان بکەن.

2003/02/14

## تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونە (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003